## پرسەی ناوادەی هونەرمەندێکی ڕۆشنبیر...{ ڕزگار ڕەنجەرۆ و جوانەمەرگ موزەفەر سلێمان شەریف }

ئەو پرسەیە بە کامە لای لایە، بە کامە حەیران، کامە ئاواز بهۆنمەوە. . بۆ کێ؟. . ئەو هونەرمەندەی کەوا هەورازو نشێوی ڕێگا سەختەکانی هونەری گۆرانی کوردی خۆشکرد بۆ دەیان ئافرەتی بەهرەداری کورد کە بێنە مەیدانی هونەر بێ سڵ کردنەوە خامەم کوێرە و زمانم لاڵە کە پرسە بۆ هونەرمەندێکی هەردەم زیندوو بنووسم کە تەنها بە جەستەی ماڵئاوایی لێکردین. ، لە سەر کێلی شاعیرێکی جوانەمەرگی هەولێر نووسرابوو >> هێشتا شەقاوی دڵداریت کرچ و کاڵ بوو وا کت و پڕ بەو ناوەختە، بارگەی تەمەنت تێك ناو کەس بە سەفەرتی نەزانی. . . . نایەیتەوە؟! موزەفەری جوانەمەرگی هاوڕێم دەڵێی ئەو چەند دێڕەی بۆ تۆ نووسیوە مەرزەخانم وا منیش هەموو هۆنراوەکەی ئەو جوانەمەرگە دەکەمە دەسکە گوڵێك بۆ سەر گۆڕی جەستەت و گیانە زیندووەکەت کە لە ئاسمانی کوردستان نامەپیرۆزەکەتیان پێیە بۆ هەموو ئافرەتانی کورد، سەری ڕێز دادەنووێنم و سەرەخۆشی لە کاك ناسرو بنەماڵەتان و هەموو هونەرمەندانی کوردستان دەکەم. . . .

سەفەر. . . . شاعیری جوانەمەرگ{ موزەفەر سلێمان شەریف}

هێشتا شەقاوی دڵداریت
کرچ و کاڵ بوو
بەو ناوەختە
بارگەی تەمەنت تێك ناو
کەس بەسەفەرتی نەزانی. . .
نایێیتەوە؟!
هۆگرت بووم
ترپەی دڵی باران و گوڵ و هەتاو بووی
بەڵام نەمزانی وەها زوو
بەرەو جیهانێکی ئەبەدی دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە،
(با) ش ناتگاتێ
ئاخۆ ئێستا
کەشتی تەمەنی سەرپشتی کۆچت
لە کام بەندەر
بێ ڕووی - سەحەر -، لەنگەر ئەگرێ
ئێستاش ڕێگای ماڵئاوایت کوێر بۆتەوە و
بە کەس شوێن پێت هەڵناگیرێ. .
* * *
دەمێکی تر
پایز. . شەقام
باوەشت بۆ دەکەنەوە و
توند توند لە هامێزت دەگرن
خۆت لە گەڵای زەردو سیس و

تاری شەقام وەردەپێچی
- سەحەریش بە باڵایەکی سێوەنگی
دێتە ژوان و
شەو جادە دادەپۆشی
ماچت دەکا. .
* * *

تاوێکی تر
لە ناو دڵی باران و خۆر و پۆڵادا بە خەملێوی
دێیتە دەرو
لەگەڵ شوشەی پەنجەرەی ژوورە چۆڵەکەم
تێکەڵ دەبی. .
سەرچۆپی زیندەگی دەگری. . سەما دەکەی
پەلکی سووری هەڵقرچاویش
لە بەرۆکی ئەوین دەدەی
بۆ کوێ دەچی؟
گوڵاڵەکان
بۆ دڵی زەردی خەزان
بە بووك دەچن. .
هوزارەکان
لە ناو گەڵای سیس و مردوو
ئاوارەنە. .
- لە دڵمانا
لە گەورەبوونێکی بێسنووردای
بۆ کۆچت کرد بۆ؟؟؟؟؟؟؟؟